# بۆ ئاگایی موسڵمانان له  درۆی ( ١ ) ی نیسان

[ كردي – كوردی – kurdish ]

**ئامادەکردنی:** ڕەوەند عبد الله
www.ba8.org

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز و عەدنان بارام**

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( غفلة المسلمين عن كذبة أول نيسان )

« باللغة الكوردية »

إعداد: روند عبد الله
www.ba8.org

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز و عدنان بارام

١٤٣٠ - ٢٠٠٩
islamhouse.com

# بێ ئاگایی موسڵمانان لە درۆی ( ١ ) ی نیسان

جێگەی داخەلەکاتێکدا سەروەری مرۆڤایەتی محمد صلى الله عليه وسلم هەموو موسڵمانانی ئاگادار کردووەتەوەلەخراپی درۆکردن و ئەو ئاکامەی دووچاری درۆزن دەبێت لەدوارۆژدا ، کەچی موسڵمانان بەشوێنکەوتنی بێباوەران ناشرینترین سیفەت ئەدەنەپاڵ خۆیان و لەیەکی نیسان بەدڵخۆشیەوەلەگەڵ یەکدا درۆ دەکەن !!! بەبێ ئەوەی بزانن سەرەتای ئەم نەریتەخراپەکەی دەستی پێکردووەو لەچ وڵاتێکەوەسەرچاوەی گرتوەو چۆن گەشتۆتەموسڵمانان .

درۆی نیسان لەرووی مێژووییەوە

چەندین رای جیاواز لەسەر سەرەتا و هۆی دروست بوونی درۆی (١) ی نیسان باس کراوە، کە ئەمانەی خوارەوەگرنگترینیانن :

ئەم نەریتەسەرەتا لەساڵی ١٥٦٤ ی زاینی لەفەرەنسا دەستی پێ کرد لەدوای ئەو گۆرانکاریەی لەرۆژمێری ئەو کاتەئەنجام درا لەلایەن ( شارلی نۆیەم ) پادشای ئەوکاتەی فەرەنسا ، وە فەرەنسا یەکەم وڵات بوو کەکاری بەو رۆژمێرەنوێ یەکرد . بەڵام کاتێك لەرۆژمێری نوێ لەجیاتی ( ١ ) ی نیسان ، ( ١ ) ی ینایر کرایەسەری ساڵی نوێ خەڵکانێك هەر لە(١) ی نیسان ( ابريل ) وەکو جاران ئاهەنگیان ئەگێرا بێ گوێدانەرۆژمێرەتازەکە، بۆیەئەوانەی کاریان بەرۆژمێری تازەئەکرد لە(١) ی نیسان دیاری درۆ و هەواڵی نادروستیان بۆ ئەوانەئەنارد کەرۆژمێرە تازەکەیان پێ باش نەبوو ، ئەوانیش کەبەراستیان ئەزانی دەبونەجێگای گاڵتەی ئەوانی تر . بەم شێوەیەدرۆ کردن لەنێوان خەڵکی بوەشتێکی باو لە رۆژە .

هەندێکی تر وای ئەبینن کەپەیوەندیەکی پتەو هەیە لەنێوان درۆی ( ١ ) ی نیسان و جەژنی ( هولی ) ، کەلەهند ناسراوە، هندۆسەکان لە(٣١) ی مارسی هەموو ساڵێك دا ئاهەنگیان ئەگێرا بەبۆنەی جەژنی (هولی) لەو رۆژەهەندێك خەڵکی سادەهەڵئەسان بەئەنجامدانی کار و کردەوەی درۆ بەمەبەستی گاڵتەو یاری و رابواردن . وەراستی ئەم درۆیانەیان ئاشکرا نەدەکرا تا ئێوارەی ( ١ ) ی نیسان ( ابريل ) .

هەندێکی تر ئەڵێن : بناغەی ئەم رۆژەئەگەرێتەوەبۆ یۆنانیەکۆنەکان کە(١) ی نیسان یان تەرخان کردبوو بۆ سازدانی ئاهەنگی گەورەبۆ ( ڤینۆس ) خوای جوانی و خۆشەویستی یۆنانیەکان . کەهاوکات لەگەڵ ئەم ئاهەنگانەدا نوکتەو شتی گاڵتەجاری جۆرا و جۆر لەناو خەڵکدا بڵاو دەبووەوە، کەساڵ لەدوای ساڵ خەڵکی راهاتن لەسەری .

هەندێکی تر ئەیگەڕێننەوەبۆ سەدەکانی ناوەراست چونکەلەو سەردەمەپێیان وابوو کەمانگی نیسان ( ابريل ) کاتی شەفاعەتەبۆ شێت و مێشك لاوازەکان . بۆیەلەسەرەتای مانگ شیتەکان ئازاد ئەکران و ژیر و عاقڵەکان دوعای چاك بونەوەیان ئەکرد بۆیان ، لەو کاتەوەجەژنێك دروست بوو بەناوی ( جەژنی هەموو شێتەکان ) وەکو چاولێکردنێك بۆ جەژنی ( جميع القديسين ) هەموو قەشەکان .

هەندێکی تر ئەیگەڕێننەوە بۆ چاخەکۆنەکان ( جەژنەبت پەرستیەکان ) ، چونکەپەیوەستەبەرۆژێکی دیاری کراو لەسەرەتای بەهار کەئەمەش بەشێکەلەمەراسیمی جەژنەبت پەرستیەکان ، چونکەلەرابردودا ئاهەنگەکانی بەهار لە(٢١)ی مارس لەکاتی یەکسان بوونی شەو و رۆژ دەستی پێدەکرد و بەردەوام ئەبوو تا ( ١ ) ی نیسان ( ابريل ) ، وەلەروانگەی گاڵتەکردن بەوانەی کەبەشدار نەدەبوون لەجەژنەکانی هاتنی بەهار ، بۆیەئەو رۆژانەی ئاهەنگەکان شێوازێکی گاڵتەجاری و دەربرینی خۆشی بەخۆوەدەگرت .

تەنانەت لەبەر خراپی و قێزەوەنی ئەم نەریتەلەبەریتانیا کە کانگای خاچ پەرستیەبە(١) ی نیسان ئەڵێن ( يوم الحمقى و المغفلين ) !!!! واتە: رۆژی گێل و گەمژەکان !!!

لەوەی کە باسمان کرد بۆمان دەر ئەکەوێ کەرۆژی ( ١ ) ی نیسان تایبەتمەندی خۆی هەبووەلای گەلانی ئەوروپا لەچاخەکۆنەکانەوەتا ئێستا .

**سەرەرای جیاوازی باسەکان و گێرانەوەکان ، دەگەینەئەم ئەنجامەی خوارەوە :**

بناغەی ئەم رۆژەجەژنی خاچ پەرستانەیان لە پاشماوەی جەژنی بت پەرستان بۆمان ماوەتەوەیان پەیوەستەبەهندۆسەکان یان پەیوەستەبەرۆژمێری بێ باوەران یان جەژنی چاکبونەوەی شێتەکانە، بۆیە :

١ ـ ئەگەر هەموو گێرانەوەکان راست بن ئەوا نابێتەهۆی رەوا کردنی درۆ لەم رۆژەچونکەهیچیان لەوی تر باشتر نیەو هەمویشیان پێچەوانەی ئاینی ئیسلامن .

٢ ـ ئەگەر تەنها یەکێکیان راستبێ بەهەمان شێوەی یەکەم نابێتەهۆی رەوا کردنی درۆ لەم رۆژەچونکەهیچیان لەوی تر باشتر نیە .

٣ ـ ئەگەر هیچیشیان راست نەبێ و ئەفسانەبێت هیچ لەقێزەوەنی و لەنارەوایی درۆی ئەم رۆژەکەم ناکاتەوەچونکەئەفسانەش هیچ لەجەژنی بت پەرستان و خاچ پەرستان و هیندۆسەکان باشتر نیەئەگەر خراپتر نەبێت .

درۆی نیسان لەروانگەی شەرعەوە

مەترسی دارترین شت لەلاسایی کردنەوەی بێ باوەران ئەوەیەلەشتێك لاساییان بکەینەوەکە لەبیروباوەریاندا بێت ، وەئەو کاتەی درۆکردن ئەبێتەناشیرین ترین و قێزەوەن ترین سیفەت لەئیسلامدا ، کەچی ئوممەتی ئیسلامی بەشوێن کەوتنی بێ باوەران خۆشحاڵن بەهاتنی ( ١ ) ی نیسان و وائەزانن درۆکردن لەم رۆژەرێگە پێدراوەو ئاساییەبەبێ ئەوەی شەرع رێگەی پێ دابن ، درۆکردن لەو رۆژە بۆ خۆیان ئەشەرعێنن ، بێ ئاگا لەوەی کەهەموو رۆژەکان لای خوا جیاوازیان نیە. وەبێ ئاگا لەوەی کەدرۆکردن لەئیسلامدا هەر درۆکردنەو هێندە قێزەوەنەلەهیچ رۆژێکدا رێگەی پێنەدراوەو لەهەر رۆژێکدا بێت هەر تاوانە، بەڵکو زانایان لەتاوانەگەورەکان ئەیژمێرن ، دەبێ ئەوەشتان وەبیر بهێنمەوەکەدرۆ کردن سیفەتی مونافیقەکانە. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین

بەڵگەمان هەیەلەقورئان و سوننەت کەدرۆ کردن قەدەغەئەکەن و دەبنەبەڵگەش بۆ قەدەغەکردنی درۆی ڕۆژی ( ١ ) ی نیسان ، لەوانەش :

١ ـ خوای پەروەردگار فەرموویەتی : [ **فَأَعْقَبَهُمْ نِفَاقًا فِي قُلُوبِهِمْ إِلَى يَوْمِ يَلْقَوْنَهُ بِمَا أَخْلَفُواْ اللّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُواْ يَكْذِبُونَ** ] ( التوبة : ٧٧ ) . ( عبدالله ) ی کوری ( مسعود ) فەرموویەتی : (( بەسێ سیفەت دووروان بناسنەوە: ئەگەر قسەی کرد درۆ دەکات ، وە ئەگەر بەڵێنی دا نایباتەسەر ، وەئەگەر ئەمانەتی بخرێتەژێر دەست خیانەتی لێ دەکات )) ، پاشان ئەو ئایەتەی سەرەوەی خوێندەوە ( مصنف ابن أبي شيبة : ٦ / ١٢٥ ) .

٢ ـ ( ابن عمر ) لەپێغەمبەری خواوەصلى الله عليه وسلم بۆمان دەگێریتەوەکەفەرمویەتی : " **ويل للذي يحدث بالحديث ليضحك به القوم فيكذب ويل له ويل له** " ( رواه الترمذي في جامعه برقم : ٢٣٥ ، و صححه العلامة الألباني في صحيح سنن الترمذي ، برقم : ٢٣١٥ ) ، واتە: وەیل ( کەدۆڵێکەلەدۆڵەکانی دۆزەخ ) بۆ ئەو کەسەی کەقسەبۆ خەڵك دەکات و تێیدا درۆ دەدات بۆ ئەوەی خەڵکی پێبکەنن ، وەیل بۆ ئەو کەسەوەیل بۆ ئەو کەسە .

ئاشکرایشەئەو جۆرەگاڵتەو قسانەی لە(١) ی نیسان ئەکرێ بۆ گاڵتەکردنەو بۆ ئەوەیەکەخەڵکی چــــــواردەور پێبکەنن !!!! کەواتەدرۆی ( ١ ) ی نیسانیش بەشێکەلەوەی لەم فەرموودەیەباس کراوە .

٣ ـ وەلەفەرموودەدا هاتووەپێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی : " **لا يؤمن العبد الايمان كله حتى يترك الكذب في المزاحة و المراء ولو كان صادقا** " ( صححه العلامة الألباني في صحيح الترغيب والترهيب ، برقم : ٢٩٣٩ ) ، واتە: باوەری هیچ بەندەیەك تەواو نابێت تاکو واز نەهێنێت لەدرۆکردن لەکاتی گاڵتەدا ، و دەمەقاڵەو موجادەلەدا ، ئەگەر راستیش بکات . ئاشکرایەدەقاو دەق ئەم فەرمودەیە(١) ی نیسان ئەگرێتەوەچونکەئەو درۆیەی لەم ڕۆژەئەکرێت بۆ گاڵتەیە .

٤ ـ وەپێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی : " **آية المنافق ثلاث إذا حدث كذب وإذا وعد أخلف وإذا اؤتمن خان** " ( رواه البخاري ومسلم ) ، واتە :

نیشانەکانی دووروان سێ دانەیە: ئەگەر قسەی کرد درۆ دەکات ، وەئەگەر بەڵێنی دا نایباتەسەر ، وەئەگەر ئەمانەتی بخرێتە ژێر دەست خیانەتی لێ دەکات .

پێشەوا ( النووي ) ئەڵێ : ئەوەی کەرای زۆرینەی زانایانی لەسەرەو وتەی هەڵبژاردەشە، واتای ئەم فەرمووده ئەوەیەکەئەم سیفەتانەسیفەتی کەسی دورون و خاوەنەکەی هاوشێوەی دوروانەلەم سیفەتانەدا و خو رەوشتی ئەوانی هەیە .

ئەمەیان زۆر مەترسیدارەچونکەدرۆ کردنی کردۆتەیەکێك لەنیشانەکانی دورویی ، ( ١ )ی نیسانیش درۆیەبا هەر ناوێکی تریشی لێ بنێن .

٥ ـ وەپێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی : " **عليكم بالصدق ... ، وإياكم والكذب ؛ فإن الكذب يهدي إلى الفجور ، وإن الفجور يهدي إلى النار ، ولا يزال الرجل يكذب ويتحرى الكذب حتى يكتب عند الله كذابًا** " ( متفق عليه ) .

واتە: بەردەوام بن لەسەر راستگۆیی و دور بگرن لە درۆ ، چونکەدرۆکردن رێخۆشکارەبۆ خراپەکاری و خراپەکاریش ئاکامی دۆزەخە، مرۆڤیش بەردەوام درۆ ئەکاو بەدوایدا دەروات تاوەکو لەلای خوای پەروەردگار بەدرۆزن دەناسرێ .

٦ ـ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی : " **لا يحل لمسلم أن يروع مسلما** " ( صححه العلامة الألباني في : صحيح الجامع : ٧٦٥٨ ) ، واتە: حەڵاڵ نیەبۆ موسڵمان موسڵمان بتۆقێنێت .

ئەمەیان زیاتر نزیکەلەرۆژی ( ١ ) ی نیسان چونکەزۆرێك لەدرۆکانی ئەو رۆژەهەواڵی دڵ تەزێن و خراپن کەبەرامبەر ئەخاتەدڵەراوکێ و ترسەوەو ئەیتۆقێنێ . تەنانەت چەندین کێشەبەهۆی ئەو هەواڵەترسناك و درۆیانەوەدوچاری خەڵکی دەبێت بگرەزۆرجار بوەتەهۆی مردن و تێکچونی شیرازەی زۆرێك لەخێزانەکان .

وتەی پێشین سەبارەت بەدرۆ

١. ( عبدالله ) ی کوری ( مسعود ) فەرموویەتی : مرۆڤ راست دەکات و بەدوای راستگۆییدا دەروات تاکو دەگاتەرادەیەك شوێنی دەرزیەکی تێدا نامێنێت کەخراپەی تێدا جیگیر بێت ، وەبەپێچەوانەشەوە درۆ دەدات و بەدوای درۆدا دەروات تاکو دەگاتەرادەیەك شوێنی دەرزیەکی تێدا نامێنێت کەراستگۆیی تێدا جیگیر بێت .

٢. هەر لەوەوەدەگێرنەوە کەفەرموویەتی : درۆ دروست نیەبەراست بێت یان بەگاڵتە، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : [ **اتَّقُواْ اللّهَ وَكُونُواْ مَعَ الصَّادِقِينَ** ] ( سورة التوبة : ١١٩ ) .

٣. وە ( **أبو بكر الصديق** ) فەرموویەتی : ئامان دوورکەونەوەلەدرۆ ، چونکەلەگەڵ باوەردا یەك ناگرێتەوە .

٤. وە لە( عمر ) ی کوری ( خطاب ) ەوەدەگێرنەوەکەفەرموویەتی : مرۆڤ ناگات بەراستی و تەواوی باوەر ، تاکو واز لەدرۆ نەهێنێت لەگاڵتەکردنیدا ( مصنف ابن أبي شيبة : ٥ / ٢٣٥ ، ٢٣٦ ) .

**لەوانەی کەخستمانەرو بۆمان دەرئەکەوێ کە :**

١ ـ درۆکردن کارێکی ناشەرعیەو رێگە پێنەدراوە .

٢ ـ درۆ کردن سیفەت و رەوشتی ئیماندار نیەبەڵکو سیفەتی دوروەکانە .

٣ ـ درۆکردن پێچەوانەی باوەری راستەقینەیە .

٤ ـ خیانەتێکی گەورەیەبەرامبەر بەموسڵمانان ئەکرێت .

٥ ـ دەبێتەهۆی روو رەش بوونی درۆزن لەدونیا و لەقیامەت .

٦ ـ رێگا خۆشکەرەبۆ چونە ئاگری دۆزەخ .

٧ ـ لەبەر خراپی سیفەتی درۆ شایەتی دانی درۆزن قبوڵ ناکرێ .

٨ ـ لەقیامەتدا سزایەکی سەختی توش ئەبێت .

٩ ـ دەبێتەهۆی ناتەواوی باوەری موسڵمان .

لەگەڵ هەموو ئەوانەش باسمان کرد شتێکی زۆر سەخت هەیەکەشەرمەزاریەبۆ ئەو موسڵمانانەی بەشداری ئەکەن لەدرۆی نیسان ئەویش : دوو وڵاتی بێ باوەر هەن باوەریان بەدرۆی نیسان نیەو لەو

ڕۆژەکەدرۆ کردن لەهەموو جیهان ڕەوا دەکرێ تەنانەت لەوڵاتە ئیسلامیەکانیش کەچی تەنها لەو دوو وڵاتەبێ باوەڕەلەو ڕۆژەدرۆکردن ڕوا نیەئەویش هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و ئیسپانیا ، چونکەئەو ڕۆژەلە ئەڵمانیا هاوکاتەلەگەڵ یادی ڕۆژی لەدایك بوونی ( بسمارك ) سەرکردەی ئەڵمانی ناسراو .

لەئیسپانیاش ( ١ ) ی نیسان لەڕوی ئاینیەوەڕۆژێکی پیرۆزەلایان بۆیەدرۆ ناکەن . ئایەئەمەشەرمەزاری نیەبۆ ئەو موسڵمانانەی لە(١) ی نیسان درۆ ئەکەن ؟؟

ئەوەحەقیقەتی درۆی ڕۆژی نیسان بوو بەچاوی خۆت خوێندتەوەو چۆنێتی و هۆکاری سەرهەڵدان و دروست بونیت زانی ، هەروەها حوکمەشەرعیەکەیشیت زانی ، هیچی تر ناڵێم چونکەچی بڵێم هەرگیز بەقەد ئەو بەڵگانەی سەرەوەبەهێز نین ، گەر یەکێکیش لەدوای ئەو هەموو بەڵگەیەی سەرەوەنەگاتەئەنجام ئەوا خۆی خۆش . چونکەبەزندویی دڵی مردوەو ئاگای لـــەخۆی نیـــە، بـــۆیە سەرەخۆشی مـــردنی دڵی ئاراستەئەکەین وە( إنَّا لله و إنَّا إليه راجعون ) .